USDA Food and Nutrition Service
U.S. DEPARTMENT OF AGRICULTURE

# چۆنیەتی داواکاری بۆ ژەمە خۆراکی بێبەرانبەر و هەرزانی قوتابخانە

تکایە ئەم ڕێنماییانە بەکاربهێنە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە پڕکردنەوەی داواکاری بۆ ژەمە خۆراکی بێبەرانبەر و هەرزانی قوتابخانە تەنیا پێویستە یەک داواکاری بۆ هەر خێزانێک بنێریت، **تەنانەت ئەگەر منداڵەکانت لە زیاتر لە قوتابخانەیەک لە [Insert School District here] بێت.**

پێویستە داواکارییەکە بە تەواوەتی پڕ کرێتەوە بۆ ئەوەی شایستەبوونی منداڵەکەت(منداڵەکانت) بۆ ژەمە خۆراکی بێبەرانبەر و هەرزانی قوتابخانە دیاری کرێت. تکایە بە ڕێکوپێکی ئەم ڕێنماییانە پەیڕەو بکە! هەر هەنگاوێک لە ڕێنماییەکان هەمان هەنگاوەکانی سەر داواکاری تۆیە. ئەگەر لە هەر کاتێکدا دڵنیا نیت کە دواتر چی بکەیت، تکایە پەیوەندی بکە بە [Insert School/School District contact here; phone and email preferred]

**تکایە لە کاتی پڕکردنەوەی داواکارییەکەدا پێنووسێک (نەک قەڵەم) بەکاربێنە و زۆرترین هەوڵی خۆت بدە بە شێوازێکی ڕوون بینووسیت.**

## هەنگاوی 1: هەموو منداڵەکان، منداڵانی تازەلەدایکبوو و منداڵە خوێندکارەکانی پۆلی 12 و خوارەوەتر بنووسە.

پێمان بڵێ چەند منداڵی تازەلەدایکبوو/ساوا، ئەو منداڵانەی لە قوتابخانە نین، و خوێندکاری بنەڕەتی/ناوەندی/ئامادەیی لە ماڵەکەتدا دەژین. مەرج نییە پەیوەندیان بە تووە هەبێت بۆ ئەوەی بەشێک لە خێزانەکەت بن.

**لێردا ناوی کێ بێنم؟** کاتی پڕکردنەوەی ئەم بەشە، تکایە هەموو ئەندامەکانی ناو خێزانەکەت بنووسە کە بریتین لە:

- منداڵانی تەمەن 18 ساڵ یان کەمتر و ئەوانەی بە داهاتی خێزانەکە پاڵپشتی دەکرێن؛
- لەژێر چاودێری تۆدا دابێت لەڕێگەی پلانێکی بەخێوکردنی فەرمی لەڕێگەی دادگا یان دەزگایەکی ویلایەتی/ناوچەیی، یان مەرجەکانی گەنجێکی هەبێت کە بێماڵ، کۆچبەر یان ڕاکردووە؛
- خوێندکارانی ئامادەبوو (بەبێ گوێدانە تەمەن [Insert School/School system here]

| | | | |
|---|---|---|---|
| **A) ناوی هەرکام لە منداڵەکان بنووسە.** ناوی هەرکام لە منداڵەکان بنووسە. بۆ هەر منداڵ یەک هێڵی داواکارییەکە بەکار بێنە. ، لە هەر خانەیەکدا یەک پیت بنووسە. ئەگەر بۆشایی تەواو بوو دەست هەڵگرە. ئەگەر ژمارەی منداڵەکان زیاترە لە هێڵەکانی ناو داواکارییەکە، لەتە کاغەزێکی دووەم (یان داواکاری دووەم ئەگەر بەشێوازی ئەلەکترۆنیکی پڕی دەکەیەوە) هاوپێچ بکە کە هەموو زانیارییە پێویستەکانی منداڵی زیادە لەخۆ گرێت. ئەمە بۆ گەورەکانیش لە هەنگاوی 3 دا کارپێکراوە. "MI" کورتکراوەی پیتی سەرەتای ناوی ناوەڕاستە. یەکەم پیتی ناوی ناوەڕاستی هەر منداڵێک لە چوارگۆشەکەدا بنووسە. | **B) منداڵەکە قوتابییە؟** ئەگەر "بەڵێ" لە ستوونی "نمرە" لە لای ڕاستەوە ئاستی نمرەی قوتابییەکە بنووسە. | **C) foster childrenت هەیە؟** ئەگەر هەرکام لەو منداڵانەی ناویان هاتووە foster childrenن، چوار گۆشەی "Foster Child" لە لای ناوی منداڵەکە نیشانە بکە. ئەگەر تەنیا داوای foster children دەکەیت، پاش تەواوکردنی **هەنگاوی 1**، بڕۆ بۆ **هەنگاوی 4**.<br><br>ئەو foster children‌ـەی کە لەگەڵ تۆدا دەژین لەوانەیە وەک ئەندامانی بنەماڵەکەت دابنرێن و پێویستە لە داواکارییەکەتدا ئاماژە بە ناویان بکەیت. ئەگەر داواکاری پێشکەش دەکەیت بۆ هەردووک foster children و هەڵنەگیراوە، بڕۆ بۆ قۆناغی 3. تێبینی: منداڵی هەڵگیراوە وەک "foster children" دانانرێت. foster child منداڵێکی کەم تەمەنە کە خراوەتە ژێر چاودێری دەوڵەت و کەسێکی گەورەساڵ کە مۆڵەتی دەوڵەتی هەیە، لەبری دایک و باوک یان سەرپەرشتی منداڵەکە چاودێری منداڵەکە دەکات. | **D) ئاخۆ هیچکام لە منداڵەکان بێماڵ، کۆچبەرن یان ڕاکردوون؟** ئەگەر پێت وایە هەر منداڵێک کە لەم بەشەدا هاتووە لەگەڵ ئەم وەسفەدا دەگونجێت، ئەوا خانەی "بێماڵ، کۆچبەر، ڕاکردوو" لە تەنیشت ناوی منداڵەکەدا نیشانە بکە و هەموو هەنگاوەکانی داواکارییەکە تەواو بکە. دۆخی بێماڵ، کۆچبەر، ڕاکردوو لەگەڵ ستافی پرۆگرامی گونجاو پێویستە پشتڕاست بکرێتەوە. ئەگەر ناوچەی قوتابخانە بۆی نەکرێت دۆخی بێماڵ، کۆچبەر، یان ڕاکردووی قوتابی پشتڕاست بکاتەوە، ئینجا ناوچەی قوتابخانە پەیوەندیت پێوە دەکات بۆئەوەی داواکارییەک لەسەر بنەمای داهات پڕ بکەیەوە. تۆ دەتوانیت هەڵبژێریت ئێستاکە زانیاری داهات پێشکەش بکەیت بۆئەوەی ڕێگر بئێت لەوەیکە ناوچەی قوتابخانە دواتر پەیوەندیت پێوە بکات. |



ئەم دامەزراوەیە دابینکەرێکە بە دەرفەتی یەکسان.

## هەنگاوی 2: ئاخۆ هیچ ئەندامێکی بنەماڵە لە ئێستادا بەشداری TANF ،SNAP یان FDPIR؟

**ئەگەر کەسێک لە بنەماڵەکەت (بە خۆشتەوە) لە ئێستادا بەشداری دەکات لە یەک یان چەند پرۆگرامی یارمەتیدان کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە، منداڵەکانت شایستەی ژەمە خۆراکی بەخۆڕایی قوتابخانەن:**

- پرۆگرامی یارمەتی خۆراکی تەواوکەر (Supplemental Nutrition Assistance Program, SNAP)یان .[Insert State SNAP here]
- یارمەتی کاتی بۆ خێزان ە هەژارەکان (Temporary Assistance for Needy Families, TANF)یان .[Insert State TANF here]
- پرۆگرامی دابەشکردنی خۆراک لەسەر حجزکردنی هیندی ئەمریکی (Food Distribution Program on Indian Reservations, FDPIR).

| A) ئەگەر لە خێزانەکەتدا کەس بەشداری لە هیچ کام لەو پرۆگرامانەی سەرەوە ناکات: | B) ئەگەر لە خێزانەکەتدا کەسێک بەشداری لە هەرکام لەو پرۆگرامانەی سەرەوە دەکات: |
|---|---|
| • لە **هەنگاوی 2**دا "نا" نیشانە بکە و بڕۆ بۆ **هەنگاوی 3**. | • ژمارە کەیسێک بۆ TANF ،SNAP یان FDPIR بنووسە. تەنها پێویستە یەک ژمارە کەیس پێشکەش بکەیت. ئەگەر لە یەکێک لەم پرۆگرامانەدا هەیت و ژمارە کەیسەکەت نازانیت، پەیوەندی بکە بە: [Insert State/local agency contacts here]<br>• بڕۆ بۆ **هەنگاوی 4**. |

## هەنگاوی 3: ناوی هەموو ئەندامانی خێزان و داهاتی هەرکامیان بنووسە

**چۆن داهاتەکەم ڕابگەیەنم؟**

- ئەو لیستانە بەکاربێنە کە وەک **"سەرچاوەکانی داهات"** و **"نموونەی داهات بۆ منداڵان"**، لە پشتەوەی فۆرمی داواکارییەکەدا هەیە بۆ ئەوەی بزانیت ئاخۆ خێزانەکەت داهاتی هەیە بۆ ڕاپۆرتکردن یان نا.
- هەموو بڕە پارەکان تەنیا لە داهاتی گشتیدا ڕاپۆرت بکە. هەموو داهاتەکان بە دۆلار ڕاپۆرت بکە. سەنتەکان هەژمار ناکرێن.
  - داهاتی گشتی بریتییە لە کۆی ئەو داهاتەی کە **بەر لە** بەر لە لێکەمکردنەوەی باج و داشکاندنەکان وەرگیراوە.
  - زۆر کەس پێیان وایە داهات ئەو بڕە پارەیەی کە "دەیبەنەوە بۆ ماڵەوە" نەک کۆی گشتی، بڕی "تێکڕا". دڵنیا بەوە کە ئەو داهاتەی کە لەم داواکارییەدا دەیهێنیت بۆ پێدانی باج، پارەی بیمە یان هەر بڕە پارەیەکی تر کە لە پێدانەکەی تۆ وەرگیراوە کەم نەکراوەتەوە.
- لە هەر بەشێکدا کە داهاتێک نیە بۆ ڕاپۆرتکردن، بنووسە '0'. هەر فیلدێک(خانەیەک)ی داهاتیش بە بەتاڵی بمێنێتەوە یان هیچی تێدا نەنووسرێت وەک سفر ئەژمار دەکرێت. ئەگەر '0' بنووسیت یان هەر بەشێک بەتاڵ بهێڵییەوە، پشتراستی دەکەیەوە (بەڵێن دەدەیت) داهاتێک نیە کە ڕاپۆرتی بکەیت. ئەگەر دەسەڵاتی خۆجێیی گومانی هەبێت کە بەهەڵە داهاتی خێزانەکەت ڕاپۆرت داوە، داواکارییەکەت لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.
- لەڕێگەی چوارگۆشەی پشکنینی لای ڕاستی هەر فیلدێکەوە(خانەیەک)، ژمارەی جارەکانی وەرگرتنی هەر جۆرە داهاتێک دیاری بکە.

### 3.A ڕاپۆرتی داهاتی بەدەست هاتوو لە لایەن گەورەکانەوە

**لێردا ناوی کێ بێنم؟**

- کاتی پڕکردنەوەی ئەم بەشە، تکایە ناوی هەموو ئەندامانی گەورەی خێزان بنووسە کە لەگەڵ تۆدا دەژین و داهاتەکەیان هاوبەش دەکەن، تەنانەت ئەگەر پەیوەندیی خزمایەتیان نەبێت و تەنانەت ئەگەر خۆیان داهاتێک وەرناگرن.
- **ئەمانە لەخۆ ناگرێت:**
  - کەسانێک کە لەگەڵ تۆ دەژین بەڵام بە داهاتی خێزانەکەت پشتگری ناکرێن و یارمەتی خێزانەکەت نادەن.
  - تازە لەدایکبووان، منداڵان و ئەو قوتابیانەی کە پێشووتر لە **هەنگاوی 1**دا ئاماژەیان پێکراوە.

## هەنگاوی 3: ناوی هەموو ئەندامانی خێزان و داهاتی هەرکامیان بنووسە

**1) ناوی ئەندامانی گەورەی خێزان بنووسە.**
ناوی هەرکام لە ئەندامانی خێزان بە پیتی گەورە بنووسە لەو خانەیانە کە نیشانەی "ناوی ئەندامانی خێزان (ناو و ناوی خێزانی)"یان لەسەرە. قوتابیانی کۆلێژ لەخۆ دەگرێت، مەگەر ئەوەیکە ڕاستەوخۆ لەسەر باج ڕاگەیێنرابن (هەموو قوتابییەکانی کۆلێژ بە کەسی گەورە دادەنرێن). ناوی هیچکام لە ئەندامانی خێزان مەهێنە کە لە **هەنگاوی 1**دا ئاماژەت پێکردووە.

**2) داهاتەکانی دەستکەوتوو بە ئیشکردن بنووسە.**
لە داواکارییەکەدا لە بەشی "داهاتەکانی دەستکەوتوو بە ئیشکردن"دا ئاماژە بە هەموو ئەو داهاتەی بکە کە بە هۆی ئیشکردن بەدەست دێنیت. ئەمە بەگشتی ئەو پارەیە کە لە ئیشکردن لە پیشەکاندا بەدەستی دێنیت. ئەگەر خاوەنی بیزنسێکی سەربەخۆی یان زەوی و زاری خۆت هەیە ئەوا داهاتی پوختەت ڕاپۆرت دەکەیت. داهاتی پوختە بریتییە لە داهاتی تۆ دوای کەمکردنەوەی باج و لێبڕینەکان.

- **ئەگەر خاوەن چەند پیشە بم چی؟** بە داخڵکردنی ناو و داهاتی هەر پیشەیەک لە دێڕێکی نوێدا، هەر کام لە پیشەکان بە جیا بنووسە. ئەگەر پێویست بکات پەڕەیەک زیاد بکە.
- **ئەگەر خۆم ئیش بکەم چی؟** وەک بڕەپارەی پوختە داهاتی بیزنسەکەت بنووسە. ئەم بڕە پوختەیە بە کەمکردنەوەی کۆی تێچوونەکانی بیزنسەکەت لە تێکڕای داهات (داهاتی گشتی) حساب دەکرێت. تێکڕای داهات یان داهاتی گشتی هەموو ئەو داهاتانەن کە لە داهاتی فرۆشتنی هەر بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەک پێشکەش کراوە.

ئەگەر لە **هەنگاوی 1** ئاماژە بە منداڵێک کراوە کە داهاتی هەیە، ڕێنماییەکانی **هەنگاوی 3، بەشی B پەیڕەو بکە.**

**3) داهاتی یارمەتی گشتی/پاڵپشتی منداڵان/نەفەقە بنووسە.**
هەموو ئەو داهاتانە بنووسە کە لە بەشی "یارمەتی گشتی/پاڵپشتی منداڵان/ نەفەقە" لە داواکارییەکەدا پێشکەشک کراون. بەهای کاشی هیچ یارمەتیەکی گشتی ڕاپۆرت مەکە کە لە هێڵکارییەکەدا نەنووسراوە. ئەگەر داهات لە پارەی منداڵ یان نەفەقە وەرگیرا، تەنها ئەو پارەدانانە ڕاپۆرت بکە کە دادگا فەرمانی پێکردووە. پێویستە پارەدانی نافەرمی بەڵام ئاسایی وەک داهاتی "ئی تر" لە بەشی داهاتوودا ڕاپۆرت بکرێت.

**4) داهاتی مووچەی خانەنشینی و هەموو داهاتەکانی تر بنووسە.**
لەم داواکارییەدا ئاماژە بکە بە هەموو ئەو داهاتانەی کە لە بەشی "مووچەی خانەنشینی/هەموو داهاتەکانی تر"دا پێشکەش دەکرێت.

- **چی دەبێت ئەگەر داهات لە چەندین سەرچاوە لەم پۆلە داهاتەدا وەربگرم؟** بە داخڵکردنی ناو و داهاتەکەت لە هەر سەرچاوەیەک لە دێڕێکی نوێدا، بەجیا ئاماژە بە سەرچاوەکە بکە. ئەگەر پێویست بکات پەڕەیەک زیاد بکە.

**5) قەبارەی کۆی خێزان بنووسە.**
ژمارەی سەرجەم ئەندامانی خێزان لە بەشی "سەرجەم ئەندامانی خێزان (منداڵان و گەورەکان)دا بنووسە." پێویستە ئەم ژمارەیە یەکسان بێت لەگەڵ ئەو ئەندامانەی لە **هەنگاوی 1** و **هەنگاوی 3دا ئاماژەیان پێکراوە.** ئەگەر ئەندامێک لە خێزانەکەت هەیە کە لە دواکارییەکەدا ئاماژەی پێنەکراوە، بگەڕێوە بۆ دواوە و ئەو ئەندامە زیاد بکە. زۆر گرنگە ئاماژە بە هەموو ئەندامانی خێزانەکەت بکەیت، لەبەرئەوەی قەبارەی خێزانەکەت بۆ وەرگرتنی ژەمە خۆراکی بێبەرامبەر و کەم نرخ کاریگەری دەبێت لەسەر شایستەبوونت.

**6) چوار ژمارەی کۆتایی ژمارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خۆت داخڵ بکە.**
ئەندامێکی گەورەی خێزان پێویستە چوار ڕەقەمی کۆتایی ژمارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خۆی لە شوێنی دیاریکراودا داخڵ بکات. تەنانەت ئەگەر ژمارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتیت نەبێت مافی ئەوەت هەیە داوای یارمەتییەکان بکەیت. ئەگەر هیچکام لە ئەندامانی خێزان ژمارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتیان نیە، شوێنەکە بە بەتاڵی بهێڵەوە و خانەی لای ڕاست بە ناوی "نیشانەی بکە، ئەگەر ژمارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی نییە " نیشانە بکە.

### 3.B. داهاتی منداڵەکان بنووسە

**هەموو داهاتانەی کە منداڵان دەستیان کەوتووە یان وەریدەگرن، بنووسە.**
داهاتە گشتییە تێکەڵاوەی هەموو منداڵەکان بنووسە کە لە **هەنگاوی 1** لە خێزانکەتدا لە چوارگۆشەی نیشانەکراوی "داهاتی منداڵ"دا تۆمار کراوە. تەنیا ئەو کاتە داهاتی foster children حساب بکە کە لەگەڵ ئەندامانی تری خێزاندا داوکاری پێشکەش بکەیت.

- **داهاتی منداڵ چیە؟** داهاتی منداڵ بریتییە لەو بڕە پارەیەی کە لە دەرەوەی خێزانکەتەوە دێت و ڕاستەوخۆ دەدرێت بە منداڵەکانت. زۆربەی منداڵەکان داهاتیان نیە.

## هەنگاوی 4: زانیاری پەیوەندی و واژۆی کەسە گەورەکان

**پێویستە هەموو داواکارییەکان لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی گەورەی خێزانەوە واژۆ بکرێت. بە واژۆکردنی داواکارییەکە، ئەو ئەندامەی خێزان بەڵێن دەدات و پشتڕاستی دەکاتەوە کە گشت زانیارییەکان ڕاستن و بە تەواوەتی ڕاپۆرت کراون. بەرلەوەی ئەم بەشە تەواو بکەیت، تکایە دڵنیا بەوە کە ڕوونکردنەوەکانی پشتەوەی داواکارییەکەشت خوێندۆتەوە.**

| | | |
|---|---|---|
| **A) زانیاری پەیوەندیکردن بەخۆت پێشکەش بکە.** ئەگەر زانیارییەکان بەردەستن ناونیشانی پۆستەی ئێستات لەو بەشە دابینکراوانەدا بنووسە. ئەگەر ناونیشانێکی هەمیشەییت نیە، هیچ کێشە نیە. هاوبەشکردنی ڕەقەم تەلەفۆن، ناونیشانی ئیمەیڵ، یان هەردووکیان دڵخوازانەیە، بەڵام یارمەتیمان دەدەن بۆئەوەی بە خێرایی لەبەردەست بین ئەگەر پەیوەندیکردن پێویست بوو. | **B) ناوت بنووسە و واژۆی بکە و ڕێکەوتی ئەمڕۆ بنووسە.** ناوی ئەو کەسە گەورەیە بنووسە کە داواکارییەکە واژۆ دەکات و ئەو کەسەش چوارگۆشەی دیاریکراو بۆ "واژۆی گەورەساڵ" واژۆی بکات. | **C) ئەو داواکارییەی کە پڕتکردۆتەوە بنێرە بۆ ئەم ناونیشانییە:**<br>Insert School/District address here |

## دڵخوازانە

**ناسنامەی ڕەگەز و نەتەوەیی منداڵەکان هاوبەش بکە (دڵخوازانە).** لە پشتەوەی داواکارییەکەدا، داوات لێدەکەین دەربارەی ڕەگەز و نەتەوەی منداڵەکانت زانیاری هاوبەش بکەیت. ئەم فیڵدە(خانەیە) دڵخوازانەیە و کاریگەری نیە لەسەر شایستەیی منداڵەکانت بۆ ژەمە خۆراکی بێبەرانبەر و هەرزانی قوتابخانە. ئەم زانیاریانە تەنیا بە مەبەستی دیاریکردنی پابەندبوونی ویلایەت بە یاساکانی مافە مەدەنییەکانی فیدراڵ داوا کراون و وەڵامدانەوەت کاریگەری نابێت لەسەر لێکۆڵینەوە و پشکنینی داواکارییەکەت و لەوانەیە لەڕێگەی یاسای پاراستنی نهێنێتییەوە بپارێزرێن. بە پێشکەشکردنی ئەم زانیاریانە، یارمەتیدەرمان دەبیت بۆئەوەی دڵنیا بینەوە کە ئەم پرۆگرامە بە بێ جیاوازی بەڕێوەدەچێت.

**تکایە ڕاستەوخۆ داواکارییەکە بنێرەوە بۆ قوتابخانەی منداڵەکەت. داواکارییە پڕکراوەکان یان پرسیارەکانی پەیوەست بە داواکارییەکان لەڕێگەی پۆستە، فاکس، یان ئیمەیڵەوە مەنێرە بۆ نووسینگەی یاریدەدەری وەزیری مافە مەدەنییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (U. S. Department of Agriculture USDA) ، بەپێچەوانە شایستەیی منداڵەکەت بۆ ژەمە خۆراک بە نرخێکی کەم و هەرزان دوادەخرێت.**